www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:47 3-6-2007

## کاڵکردنەوەی چەمکی هاوڵاتیبوون کی لێی بەرپرسیارە؟ ... موزەفەر هەمزە*

ئەو میکانیزم و رەوتانەی دەبنە مایەی لە بەینبردنی چەمکی هاوڵاتیبوون زۆرن. کۆمەڵگا لە نێو خودی خۆشیدا لە رێگای چەند ئایدۆلۆژیایەکی قەتیس خواردوو دەتوانی ٘ ئەو چەمکە کاڵ بکاتەوە، هەستی ئینتیما و پابەندبوون بە خاك و نەتەوە و بەها مۆرالییەکان لە نێو چەند گرووپێکی جیاوازدا، شکست پی بهێنی. ئەو جۆرە نەزعانەش لە زۆر بارودۆخدا لە تونێلی نهێنیدا برەوی پی دەدرێت وچەکەرە دەکات. لە لاکەی ترەوەش کە ئەوەیان کارەساتی هەرە گەورەیە کە حکوومەت بەو کۆمەڵە دەزگایانەی لەبەر دەستیدایە بە ئاشکراو بە نووسراوی فەرمی ئەو چەمکە پێشێل بکات ودرێژەی پێبدات. بێگومان زۆر بە نیگەرانییەوە ئەو هەنگاوە ی حکوومەت بە خاڵێکی وەچەرخانی خراپ بۆ ڵاتەکەمان لە لایەن خەلکی رۆشنبیرەوە لێکدرایەوە کە لە خوارەوە وا باسی لێوە دەکەم.
فەرمانبەرانی هەولێر ئەوانەی لە ئیدارەی پێشووی یەکێتی دامەزرابوون کە تاکو ئەو دووابییەش مووچەیان لە وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی وەردەگرت، لە کاتێکدایە کە ئەوان وەکو دەرچووی کۆلیژ و پەیمانگاکان لە سەردەمی دوو ئیدارەییدا و لە بەر جیاوازبوونی بۆچوونی سیاسی، یا هەوادار نەبوونیان بە لایەنێکی دیاریکراوەوە، پەنایان بردە بەر ئیدارەیەك بۆ دامەزراندنیان. ئێمە لە گەڵ ئەوەدانین فەرمانبەران بە بی ئەنجامدانی ئەرك، مووچە بە بی بەرامبەر وەربگرن. بێگوومان ئەوە بارودۆخی ئەو کۆمەلە فەرمانبەرەی هەولێرە (850 فەرمانبەر) کە لە شارۆچکەی کۆیە مونتەسیبن، کە هەیانە مانگانە تەنها بۆ مووچە وەرگرتن سەردانێکی ئۆفیسەکەی خۆی دەکات و هەشیانە لە مانگێکدا چەند رۆژێك پابەند دەبێت بە دەوامکردنی فەرمانگەکەیەوە. هۆکارەکان هەرچییەك بێت، کە دەکرا بە گرتنەبەری میکانیزمی تر ئەو گرفتە چارەسەر بکرایە نەوەك تێکرای رەوەندی ئەو فەرمانبەرانە لە نێوان بڕیار و راسپاردەی هەردوو وەزارەتی دارایی و ئەنجوومەنی وەزیران قەتیس بکرێن و هیچ کامیان بە فەرمانبەری خۆی نەیزانێت. ئەوەی دەیزانین لە یاسا و رێسای خزمەتی مەدەنیدا. تەنانەت لە هی حکوومەتی هەرێمیشدا و لە هیچ کلۆج وکوونجێکیدا نیە فەرمانبەر بە بی پاساوی رەوشت و گەندەڵی و دزی، لە دەرەوەی ویستی خۆی دەست لە کار کێشانەوەی رابگەینرێت و مووچەشی رابگیرێت. کەچی ئەو پرۆسەیە لە هەرێمی ئێمەدا بەرامبەر بە رەوەندێك لە فەرمانبەران دەکرێت. ئەوە ئاماژەیەکە، بۆ لاوازی ئەدائی حکوومەت و پرۆفیشنال نەبوونە لە دۆزینەوەی چارەسەرەکان. بڕینی مووچە هەنگاوێکە بۆ لە بەینبردنی چەمکی هاولاتیبوون و دەرکردنێکی راشکاوانەیە بۆ کۆمەڵە فەرمانبەرێك کە خۆی لە خۆیاندا قۆچی قوربانی نەزعەی تەسکی حیزبایەتین.
دەستەی هاوبەش کە بریتیە لە سەندووقێکی هاوبەش هەردوو حیزبی سەرەکی لە هەولێر پارەداری (تەمویل) دەکەن. بۆ هەموو جۆرە خەرجییەکانی حکوومەت لە مووچە و یادکردنەوەکان و داواتنامەکان و کۆنفرانس و ئاهەنگەکان، پارەی بە لێشاو لی دەردەچی بی ئەوەی لە زۆربەیاندا پاساوی ئابوورییانەی خۆی هەبێت و خزمەت بە ستراکتۆری ئابووری هەرێمی کوردستان بکات. بە باوەڕەوە دەیڵێم تەنها یەك گووژمە لە مانگێکدا کە بۆ ئاهەنگێك خەرجدەکرێت، دەستگری تێدا بکرێت بەشی مووچەی ئەو کۆمەڵە فەرمانبەرە قەتیس خواردووەی پیێ دەکرێت.
لە هەرێمێکدا کە بە دەست چەند گرفتێکی جۆراو جۆری ئابووری وسیاسی و کۆمەڵایەتییەوە دەناڵێنین، لە نەبوونی کەرتی پیشەسازی و دارمانی کەرتی کشتوکاڵ و هاوردنی هەموو جۆرە پێداویستییەکی ورد و درشت لە دەرەوە، لەو لاشەوە هەبوونی دوو وەزارەتی دارایی قەیرانەکانی زیاتر قوول کردۆتەوە. لە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

وڵاتێکدا کە ئەوپەری پێویستیمان بە کاری هاوبەش و دانانی پلانی ستراتیژی هەیە بۆ پەرەپێدانی هەرێمی کوردستان. کەچی لە وڵاتەکەماندا هەبوونی دوو وەزارەتی دارایی وایکردووە هەر وەزارەتە و بە پێی سنووری جوگرافی خۆی رێنمایی و گشتاندن بۆ بڕیارەکانی ئەنجوومەنی وەزیران دەربکات، تەنانەت ئەو گرفتە پەریوەتەوە نێو خودی فەرمانگەکانی هەرێمیش. بڕیارەکانی ئەو دووایییەی ئەنجوومەنی وەزیرانیش کە تایبەت بوون بە دەرماڵەی فەرمانبەرانی حکوومەتی هەرێم، پشتگیرییەك بوو بۆ چین و توێژە پیشەییەکان لە کارمەندانی حکوومەتی هەرێم لە دامو دەزگا ئیدارییەکاندا لە بەرامبەر گرانی بازاڕ وقورسی ژیان. لەوەشدا فەرمانبەرانی هەرێم روو بە رووی دلە راوکێ و نیگەرانی بوونەوە لە نێوان رێنمایی وگشتاندنی دوو وەزارەتی دارایی بە شێوەی گرتنەوەیان بەو دەرماڵانە و نەگرتنەوەیان. جاچۆن تەکانی ئابووری سەرتاسەری یەکگرتوو بۆ هەرێم لە ژێر چەتری ئەو جۆرە رەوشە، سەرکەوتن بە دەست دێنێت؟

چۆن دادوەری لە پەرەپێدانی ئابووری لە ناوچە و سنووری شارەوانییەکاندا. پیادە دەکرێ؟ هیچ گوومانی تێدا نیە جیاوازییەکی بەرچاو لە نێوانیاندا هەستی پێدەکری.

* سەرۆکی لقی هەولێری (یەکێتی ئابووری ناسانی کوردستان)

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.